




# سیروان پێویستی بەپرۆژەی ئـ









- ئەو ئاوەڕۆیانەی کە ئێستا لە هەڵەبجە دروست دەکرێن دەڕژێنە ناو ئاوی سیروانەوە
- کارگەیەکی دۆشاوی تەماتەی سیروان لەکارکەوتووە

سیروان لەسالّی ١٩٥٧ەوە بووەتە ناحیەو ٩٧ گوند لەسنوورەکەی هەیە، ئەم ناحیەیە کە ١٣ کیلۆمەتر لەشاری هەڵەبجەوە دوورە ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە ١٠ هەزار کەسە، سیروان گەرچی بەناوچەیەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری دەوڵەمەند دادەنرێت و تەنانەت رێژەی ئاوی ژێر زەویشی یەکجار زۆرە، بەڵام لەرووی کشتوکاڵەوە کەمتر گرنگی پێدراوە، هەرئەمەشە وایکردووە تەنیا ٦٠ گوندی ئاوەدان بێتەوە. خەڵکی ئەم سنوورەش هەروەکو زۆر لەدانیشتوانی ناحیەکانی تر بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان چاوەڕێی ئاوڕلێدانەوەی حکومەتن، چونکە ئەو کارو پرۆژانەی ئێستا لەم ناحیە ئەنجامدراوە بەپێی خواست و داواکاری هاووڵاتییان نییە. وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان لەسەردانێکدا بۆ ناحیەی سیروان لە نزیکەوە گوێبستی داواکاری هاووڵاتییان بووین و لەپاشان ئەو داواکاریانەی هاووڵاتیانمان ئاراستەی ( شاهۆ عوسمان ) بەڕێوەبەری ناحیەی سیروان کرد.







# ـــاودێری و دروستکردنی سایلۆ هەیە









**خراپی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان**

سەرەتا لەگەڕەکی ئازادی هاووڵاتی (ئارام کەمال) سەبارەت بەکەموکوڕی لەپرۆژە خزمەتگوزارییەکان وتی: (خراپی شەقام و ڕێگاوبان و لاوازی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و کۆنی بینایەی قوتابخانەکان و نەبوونی باخچەی ساوایان لەگرنگترین ئەو خزمەتگوزارییانەن کە هاووڵاتیانی سیروان پێویستیانە..)، سەبارەت بەئاویخواردنەوە هاووڵاتی (نەوشیروان محەمەد) گلەیی لەمبوارەدا هەبوو ناوبراو پێی وایە کەمی ئاویخواردنەوەو خراپی تۆڕەکانی دابەشکردنی ئاو لەریزبەندی پێشەوەی ئەو کارانە دادەنرێت کە پێویستە مشوری بخورێت بەتایبەتی لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان)، بەهەمانشێوە هاووڵاتی (مەحموود رەزا) وتی:( کێشەی ئاویخواردنەوە لەهەندێك گەڕەك و کۆڵان هەیە، ئەمەش بۆ خراپی و کۆنی تۆڕی دابەشکردنی ئاویخواردنەوە دەگەڕێتەوە )، کەرتی پەروەردەش بێ کەموکوڕی نەبووە لەم رووەوە هاووڵاتی (ئیسماعیل حەمەد) وتی :( گەرچی لەناحیەکەماندا چەند بینایەیەکی نوێ بۆ قوتابخانەکان دروست کرا بەڵام زۆربەی بینایەی قوتابخانەکانمان کۆنەو درزی گەورەی تێکەوتووە، وەکو بینایەی قوتابخانەی – هەڵێز- کە لەم زستانە مەترسی دارمانیشی لێدەکرێت، هەروەها لەرووی باخچەی ساوایانیشەوە کەموکوڕی زۆرمان هەیە)، سەبارەت بەکەرتی تەندروستی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکیش هاووڵاتی (محەمەد سالّح) وتی:( سەرەڕای ئەوەی لە بنکە تەندروستیەکەمان پزیشکی پسپۆر و شارەزا کەمە، هاوکات نەبوونی دەرمان و ئامێری پێشکەوتووی پزیشکیش گرفتێکی ترە یا ئامێرە پزیشکیەکان کەم بەکار دەهێنرێت)، هەر سەبارەت بەمبوارە هاووڵاتی (مەلیحە عەبدولکەریم) پێی وابوو بەگشتی پزیشك بۆ پشکنینی هەموو نەخۆشیەکان کەمە یا هەر نییە، لەمبارەیەوە وتی :( پزیشکی پسپۆر بەتایبەتی بۆ بواری نەخۆشیەکانی ئافرەتان و لەدایکبوون و منداڵان کەمەو کەموکورتییەکی لەم رووەوە هەیە، هەر بۆیە ئافرەتان لەکاتی پێویستیدا دەبێت سەردانی نەخۆشخانەکانی هەڵەبجە یا سلێمانی بکەن). سەبارەت بەئاستی پێشکەشکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ



**شاهۆ عوسمان بەڕێوەبەری ناحیەی سیروان بۆ (گوڵان)**

# گرفتی کەمئاوی لە ناو سەنتەری ناحیەو گوندەکان هەیە



گوندەکان هاووڵاتی (ڕەئووف وسوو) وتی: (بەپێی پێویست کارو پرۆژە بۆ گوندەکان ناکەن، هەربۆیە زۆربەی گوندەکانمان لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بێ کەموکوڕی نین، تەنانەت چەندین گوند هەر لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری ئاوەدان نەکراونەتەوە). لەلایەکی ترەوە سستی بەڕێوەچوون و جێبەجێکردنی پرۆژەکان گلەییەکی تری هاووڵاتیانی ناحیەی سیروانە؛ لەمبارەیەوە (سەرکەوت عەلی) وتی:( ئەو پرۆژانەی لەم شارۆچکەیە جێبەجێ دەکرێن زۆربەیان کارکردنی تێیدا سستە و هۆکارەکەش زیاتر بۆ نەبوونی بەدواداچوون و کەمتەرخەمی ئەندازیارانی سەرپەرشتیاری پرۆژەکان دەگەڕێتەوە).

**ئەو بۆشاییەی لە نێوان یەکەی ئیداریی و لایەنی دادوەری هەیە بۆتە پاڵنەرێك کە خەڵك زێدەڕۆیی لەسەر کارەباو ئاو و شەقام و زەوی شارەوانی بکات**

بەمەبەستی بەدواداچوونی داواکاری هاووڵاتیان و بوونی کەموکوڕی و ئەو پرۆژانەی بۆ چارەسەرکردنی ئەنجامدراون، سەردانی یەکەی ئیدارەی ناحیەی سیروانمان کردوو چەند پرسیارێکمان لە شاهۆ عوسمان بەڕێوەبەری ناحیەی سیروان کرد سەرەتا سەبارەت بەنەبوونی ماستەرپلان و بوونی گرفتی کوژانەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان وتی:( سەنتەری ناحیەکەمان کەوتۆتە ناو جەرگەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی شارەزوور، کوژانەوەی زەویش بۆتە کێشە بەتایبەتی لەگەڵ جوتیارەکانی خاوەنی گرێبەستی زەوییە کشتوکاڵیەکان، چونکە ڕێژەی کوژاندنەوەو قەرەبووکردنەوەی جوتیارەکان ٣٪ یەو ئەم بڕەش کەمەو، بڕیارە لەلایەن حکومەتەوە پرۆژەو ڕێنماییەك دەربچێت و قەرەبووکردنەوەی جوتیاران زیاد بکرێت، هاوکات شارۆچکەی سیروان ماستەرپلانی بۆ نەکراوە، بڕیارە لە بەرنامەی ساڵی ٢٠١٣ ماستەرپلانی ناحیەکە دەست پێ بکات، لەلایەکی تر ئەو دوو گوندەی کە ناحیەکەی لێ دروستکراوە لەڕووی نەبوونی دیزاینەوە کێشەو بێسەروبەرییەکی بۆ دروست کردووین و کێشەی نەبوونی تاپۆکردنیان هەیە).

**کێشەی ئاویخواردنەوە**

سەبارەت بە کیشە و کەمی ئاویخواردنەوە بەڕێوەبەری ناحیەی سیروان وتی: (تۆڕی دابەشکردنی ئاویخواردنەوە یەکێك بوو لەو کێشانەی کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەبوو، هەر بۆیە ئێستاکە لە چەند شوێنێك لە ناو سەنتەری ناحیەکەدا کار لەسەر دانان و نۆژەنکردنەوەی تۆڕی ئاوی خواردنەوە دەکەین. هەروەها بۆ چارەسەرکردنی سەرچاوەی ئاویش چەند بیرێکی ئیرتیوازیمان هەڵکەند و چەند ئەمبارێکی گلدانەوەی ئاویشمان دروست کردووە، هاوکات لە هەندێ گوندی سنوورەکە کێشەی ئاومان لە سەرچاوەوە هەیە و بۆ ئەو گوندانەش بەرنامەو پلانی چارەسەرکردنیان بۆ دانراوە و کێشەی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی گوندەکانمان هەیە، چونکە زۆربەی گوندەکان پێشتر تەنیا سەرچاوەی ئاویان بۆ کرابوو ئێستا ساڵانە چەند گوندێك لە سەرچاوەکەوە بۆ ناو گوند و ماڵەکان تۆڕی دابەشکردنیان بۆ دادەنێین، بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کەمئاوی و سوود وەرگرتن لە ئاوی سەر زەوی پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاوی خواردنەوە لەسەر قەرزی درێژخایەن کە لەلایەن ڕێکخراوی جایکای یابانی دراوە لە لایەن وەزارەتی شارەوانییەوە بۆ قەزای هەڵەبجەو سەیدسادق و ناحیەی سیروانە ئەنجام دەدرێت و سەرچاوەی ئاوەکەش زێی سیروانە).

**چەند قوتابخانەیەکی کۆن هەیە پێویستیان بەنۆژەن کردنەوەیە**

سەبارەت بە گرفتی بینایەی قوتابخانە و میلاکاتی مامۆستا بەڕێوەبەری ناحیەی سیروان وتی: (چەند قوتابخانەیەکی کۆنمان هەیە کە پێویستیان بەنۆژەن کردنەوە هەیە کە ئەویش ئێستا خراوەتە پلانەوە بۆ چاککردنەوەیان و لە گوندەکانیش هەر گوندێك ڕێژەی یاسایی قوتابیان هەبێت ئەوە قوتابخانەیان هەیە و ئەو گوندانەی قوتابیشیان کەم بێت لە ڕێگای کابینەوە قوتابخانەمان بۆیان کردۆتەوەو هەموو ساڵێك لە گوندەکاندا بەپێی بڕی بودجەو پلانەکان بینایەی قوتابخانەمان بۆ دروست کردوون، هاوکات چەند گوندێکی سنوورەکە کە ڕێژەی قوتابیان کەمە بینایەی قوتابخانەیان نییە و لەپلانی ٢٠١٣دا دروستکردنی قوتابخانە بۆ ئەو گوندانە لە ڕیزبەندی یەکەم دانراون، لەلایەکی تر لە بواری باخچەی ساویان کێشەی بینایەمان هەیە، ئێستا پرۆژەی بینایەکی باخچەی ساوایان لە قۆناغی تەندەر دایە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەچێتە قۆناغی جێبەجێ کردن).

**زۆربەی بینایەی قوتابخانەکانمان کۆنەو درزی گەورەی تێکەوتووە، وەکو بینایەی قوتابخانەی — هەڵێز- کە لەم زستانە مەترسی دارمانیشی لێدەکرێت**

**ئەو سیستەمەی لە بواری تەندروستی لە گوندەکان هەیە کۆنە و پێویستی بە پێداچوونەوەو گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە**



## کەرتی تەندروستی

سەبارەت بە کێشەو کەموکوڕی و پێداویستییەکانی بواری تەندروستی بەڕێوەبەری ناحیەی سیروان وتی: (کێشە و گرفتی هاووڵاتیان لە بواری تەندروستی کەمی و جۆری داودەرمان و پشکنینەکانە لەگەڵ نەبوونی پزیشکی شارەزاو پسپۆڕو ئافرەتان و هۆڵی نەشتەرگەری و لەدایکبوون و منداڵان، بەحوکمی ئەوەی قەزای هەڵەبجە نزیکە بۆ هەندێ حاڵەتی نەخۆشی بەتایبەتی نەشتەرگەری و لەدایکبوون و منداڵان هاووڵاتیان سەردانی نەخۆشخانەی هەڵەبجە دەکەن. گوندەکانی سنوورەکەش هەندێکیان بنکەی تەندروستیان هەیە و لایەن کارمەندی تەندروستی نەك پزیشك سەرپەرشتی دەکرێت، ئەو سیستەمەی لە بواری تەندروستی لە گوندەکان هەیە کۆنە و پێویستی بە پێداچوونەوەو گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە).

## ڕێگای گوندەکان کەموکوڕی هەیە

سەبارەت بە کێشەو گرفتی ڕێگاوبان بەڕێوەبەری ناحیەی سیروان وتی:( ئێمە وەکو ناحیەی سیروان لە سێکتەری ڕێگاوبان و کۆڵان و شەقامە ناوخۆ و گوندەکان و دەرەوە کێشەو گرفتمان هەیە، هەروەها ناو سەنتەری شارۆچکەو گەڕەکەکانیش چەندین کۆڵان و شەقام هەیە کە زۆر بێسەروبەرن و شۆستەو قیرتاویان نییە و بۆ ئەو مەبەستەش ئێستا لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانی پڕۆژەیەك دەرچووە بۆ قیرتاوکردن و شۆستە دروستکردنی دوو گەڕەکی ناو سەنتەری شارۆچکەکە و ئەنجومەنی وەزیرانیش بودجەیەکی تایبەتی بۆ قەزای هەڵەبجەو دەورووبەری تەرخانکردووە لەسەر ئەم بودجەیەشدا تەنیا ناو ناحیەکە ٦ ملیار دیناری بەرکەوتووە ئەویشمان تەرخانکردووە بۆ پڕۆژەی پانتایی سەوز و ڕێگاوبان دروستکردن، بۆ ڕێگای گوندەکانیش ئێستاکە چەند پڕۆژەیەك لەژێر ئەنجامدان و بەرنامەدایە، هەروەها لە پڕۆژەی جووت سایدکردنی نێوان (هەڵەبجە – سیدسادق) کە بەناو ناحیەی سیروان دادەڕوات و بەمەش ئێمەش لێ سوودمەند دەبین، ئەو پڕۆژەیە ئێستاکە لە قۆناغی جێبەجێ کردنەو هەنگاوی باشی بڕیووە، ئەو پڕۆژەیە دواکەوتووە و هۆکارەکەشی بۆ گۆڕانی ئاڕاستەی ڕێگاکە دەگەڕێتەوە. هەروەها لەبواری شارەوانی تائێستا لە کۆکردنەوە و خۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشاك کە بەسیستەمی کۆن جێبەجێ دەکرێت کێشەمان لە خۆرزگارکردنە کە هەیە، هەروەها ناحیەی سیروان بۆ پاك ڕاگرتنی بە بەرنامە بەپێی ئەو بودجەیەی بۆمان تەرخان دەکرێت پڕۆژەی ئاوەڕۆمان ئەنجامداوە، بەڵام لەم کارانە گرنگتر دانانی پاڵاوگەیە لە کۆتایی ئاوەڕۆکان لەو شوێنانەی کە ئاوەڕۆکە دێتە دەرەوە بەتایبەتی لە سنووری ئێمە، چونکە ئەو ئاوەڕۆیانەی کە ئێستا لە هەڵەبجەش دروست دەکرێن هەر دێنەوە ناوچەکەی ئێمەو دەڕژێنە ناو ئاوی سیروانەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاوەکە و مەترسی بۆ سەر ژیانی هەموو خەڵکی ناوچەکە دەبێت بەتایبەتی کە ئێستا پڕۆژەی ئاوی هەڵەبجە – سیدسادق – سیروان لەسەر ئەم ئاوە دروست دەکرێت).

## بەڕێوەبەری ناحیە
## لە ڕووی کارگێڕیی و داراییەوە دەسەڵاتی نییە

سەبارەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتی کارگێڕی و کاریگەری لەسەر کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بەڕێوەبەری ناحیەی سیروان وتی: (لێپرسراوی یەکە کارگێڕییەکان ئێستاکە لە ناو حکومەت بێ دەسەڵاتترین چین و توێژین، گەرچی زۆرترین ئەرکمان لە ئەستۆدایە، چونکە ئێمە لە ڕووی کارگێڕیی و دارایی دەسەڵاتمان نییە، هاوکات هەندێ دۆسیە هەیە ڕەوانەی دادگای هەڵەبجەمان کردوو و ئەوانیش وەریان نەگرتووە و بۆیان ڕەوانەکردینەوە و ئەو بۆشاییەی لە نێوان ئێمە و لایەنی دادوەری هەیە بۆتە پاڵنەرێك کە خەڵك زێدەڕۆیی لەسەر کارەباو ئاو و شەقام و زەوی شارەوانی . . . بکات.).

**لاوازی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و کۆنی بینایەی قوتابخانەکان و نەبوونی باخچەی ساوایان لەگرنگترین ئەو خزمەتگوزارییانەن کە هاووڵاتیانی سیروان پێویستیانە**

## سایلۆو کۆگای ساردکەرەوە

سەبارەت بە کارو پڕۆژەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ بەڕێوەبەری ناحیەی سیروان وتی:( گلەیمان لە وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە و کۆمەڵێ موڵکی خۆیان هەیە تا ئێستاکە نەیانتوانیوە بۆ خۆیان بگێڕنەوە، هەروەها بۆ وەرگرتنی دانەوێڵە پێویستمان بە سایلۆ هەیە و پێش ئەوی سایلۆ دروستکرێت بە شێوەیەکی کاتی بۆ ئاسانکاری هاووڵاتیان لەبری ئەوەی بچنە قەزای سیدسادق ئەوە گۆڕەپانێکی وەرگرتنی دانەوێڵەمان بۆ دروست بکەن، هاوکات پێویستمان بە کۆگایەکی ساردکەرەوە هەیە . ئێمە گلەیەکی زۆرمان لە وەزارەتی پیشەسازی هەیە کە تا ئێستا هیچ پڕۆژەیەکی لەم سنوورەدا ئەنجام نەداوە بەتایبەتی دروستکردنی کارگەی قوتوبەند، هەروەها کارگەیەکی دۆشاوی تەماتە لە سلێمانی هەبوو لەپاشان گوازرایەوە بۆ سیروان ماوەی سێ ساڵە وەزارەتی پیشەسازی گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیایەك بەستووە و تا ئێستا نەهاتوون کاری لەسەر بکەن و کارگەکە هەر لە کار کەوتووە و لەو گرێبەستەی لەگەڵ کۆمپانییەکە کراوە هیچ ڕاوێژێك بە ئێمە وەکو یەکەی ئیدارە بە ئێمە نەکراوە، ئێستا داوامان لە حکومەت و لایەنی پەیوەندار ئەو گرێبەستە هەڵوەشێننەوەو بە کۆمپانیایەکی دیکەی بدەن بە مەرجێك کارگەکە ئیش بکات).